## ئاڵا تاڵەبانی هاوخەمیی لە کەوتنەوەی قوربانی لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی بەشە ناوخۆیی سەران دەربڕی



ئاڵا تاڵەبانی، راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە تۆری کۆمەڵایەتی ئێکس لەبارەی کەوتنەوەی قوربانی لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی بەشە ناوخۆیی سەران بڵاویکردۆتەوە، "هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە ئازاربەخشە دەگەیەنین کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی 14 کەس لەنێویاندا خوشک و ئەندامانی هەمان خێزان و برینداربوونی ژمارەیەک کەسی دیکە و سوتانی سەخت لە ئەنجامی ئەو ئاگرەی کە یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی شاری سەرانی گرتەوە"، هەروەها ئاماژەی بەوەدا، کە نەبوونی پێداویستییەکانی سەلامەتی و ڕێگریکردن لە ئاگر لە زۆربەی باڵەخانەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی نەبوونی کۆنترۆڵ و کارەساتی لەم جۆرە.